# ئیسلامیزەکردنی کوردستان، زەنگێگی ترسناك!

نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk



پەرەگرتنی دیاردەی هەرەشەو فتوای ئیسلامیەکان لەرادیۆو تەلەفزیۆن و بلاوکراوەکانیانەوە، تا سازدانی خۆپیشاندان وداواکاری بۆ سزادانی نوسەران و رەخەنەگرانی ئیسلام و لەوانەش هەولدان بۆ دادگایی کردنی مەریوان هەلە بجەیی لەسەر کتێبێك کەچەند مانگ لەمەوبەر بلاوکراوەتەوە، تابەیاننامەی پەرلمانی کوردستان لەسەر بلاوبوونەوەی چەند وینەیەکی کارتۆنی محمەد..و هەموو ئەو تەبلیغاتانەی کەئەم ماوەیە لەبارەی ئیسلام وسونەتەکانیەوە لەدەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی یەوە بلاودەبیتەوە نیشانەی لیدانی زەنگیکی خەتەرە بۆسەر کۆمەلگای مەدەنی کوردستان و سکولاریزم.. بەلام سەرچاوەی ئەم مەترسیە لەکوێوەیەو مامەلەی دەسەلاتدارانی کوردستان چۆنە لەبەرامبەریدا؟ ئایا ئەم ترسی یە بەر لەهەرشتیك رووی لەکێیە و دەبی بۆ راوەستانەوە بەرامبەری چی بکرێ؟

پەرەگرتن و چالاك بوونەوەی دیاردەی ئیسلامگەرای و هەولدان بۆ بەئیسلامی کردنی کۆمەلگای کوردستان لەم ماوانەی دوایدا رەنگدانەوەی دەورەیەکی هەلکشانەوەی بزوتنەوەی فاشیزمی ئیسلامی یە لەکیشمەکیش و بەریەك کەوتنەکانی هەردوو قوتبی تیرۆریستی لەدنیای ئەمرۆدا. کیشمەکیشیك کەلەجەمسەریکیدا ئەمریکاو دەولەتانی راستی ئەوروپایی و راسیزمیك کەبەدژی دنیای شارستانی ئەمرۆیە و لەجەمسەریکی تریشیدا ئیسلامی سیاسی و دەولەتانی ئیسلامی و گروپەکانی لەئیران وسعودیەو لوبنان و چەندین دەولەتانی رۆژهەلات راوەستاوە..بەلام پەرەگرتنی سیاسەتی پان ئیسلامیستی لەئیران و هەرەشەکانی ئەحمەدی نەژادی بەچەکی ئەتۆمی یەوە لەدنیای سەردەم، تا بەبردنەوەی حەماسی ئیسلامی لەفەلەستین و شیعەکان لەعیراق وئیخوان موسلیمین لەمیسرو لەهەلبژاردنەکانی ئەم ولاتانەدا، ئەمانە لەکەنار ئەوزاعی لوبنان و رۆلی حیزبووللا ..سیماکانی دەورەیەك لەهەلکشانەوەی ئیسلامی سیاسی دەخەنەروو، بەتاییەتی بەدوای بلاوبوونەوەی چەند وینەیەکی کارتۆنی محمد لەیەکیك لە بلاوکراوەکانی دانیمارکدا،ئەو فرسەتەی دا بەم بزوتنەوەیە کەبەخاسیەتی فاشیستی و بەربەریەتەوە بۆ پەلاماردانی بنەما مەدەنی و سکولاریستی یەکانی کۆمەلگاو هیرشبردنە سەر ئازادی بیرورا و مافە سەرەتایی یەکانی خەلك حالەتیکی هیرش بەرانە لەخۆی نیشان بدات. بەلام لەکەنار ئەم وەزعیەتە جیهانی یانەدا دیاردەی چالاکبوونەوەی ئەم ماوانەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان هاوکاتی چەند فاکتۆریکی تریشە، لەوانە بەدەسەلات گەیشتنی ئیسلامی سیاسی شیعی لەریگای بەدەستهینانی زۆرینەی کورسی یەکانی پەرلمانی عیراقی و ئەوزاعیك کەلەعیراقدا هەیە، هەروەها رۆلیك کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە پیشیانەوە یەکیتی و پارتی لەبەرامبەر ئیسلامی یەکاندا گرتویانەتەبەر.

ئەوەی کەسەرەنجام دەستوریکی ئیسلامی بەسەرخەلکی عیراقدا سەپینراو فەزایەك کە شەرو دەعوای ئیسلامی یەکان و تیرۆرو تەقاندنەوە و پەرەگرتنی دیاردەی تایەفەگەری وەك دەستکەوتیکی دیموکراسی کردنی عیراق کرایە بەشە سەرەکی یەکانی کۆمەلگای عیراق، بەپیویست ئاسەوارەکان و ئاکامەکانی لەکوردستان بەبەهیزبوونی دەستەو تاقمی ئیسلامی لەکوردستان تەواو بووە و کۆمەکی کردەوە لەم فەزایەدا چالاکببنەوە. بەلام لەکەنار ئەمانەدا نەخشیك کەدەسەلاتدارانی کوردستان گیراویانەو دەیگیرن هیندەی تر یارمەتی دەربوە لەم وەزعانەدا. بۆنمونە راوەستانی پەرلمانی کوردستان لەریزی بزوتنەوەی ئیسلامی یەکانی دنیاو و دەولەتانیکی وەك سعودیەو ئیران بەدژی ئازادی بیروا دەربرین، تائەوەی کەئەمجارە

مەلاكانی نیو پەرلمانی كوردستان و وەزیری ئەوقاف لەنیو خودی دەسەلاتەكانی پارتی و یەكیتی یەوە ببنە پێشقەرەولانی دەركردنی بریارلەدژی نوسەران و روناكبیرانی كوردستان و ریگاش بدەن بەدەستەو تاقمەكانی وەك یەكگرتوی ئیسلامی و كۆمەلە، بەئاشكرا لەدەزگاكانی راگەیاندن و تەلەفزیۆنەوە رۆژانە فەتوا و هەرەشەی كوشتن ببەخشنەوە و پەلاماری بناغەكانی كۆمەلگای مەدەنی بدەن، لەمانەش زیاتر ئەوە خودی دەسەلاتەكانی یەكیتی و پارتی یە كەخۆیان بونەتە موبەلغان و رەواج پیدەرانی باوەری ئیسلامی و ریزلینان لە رۆژی عاشووراو میژویەك كەئیسلام لەم رۆژەدا هەییووە. و هەركاتیكیش نوسەران و خەلكانیكی ئازادیخواز دژایەتی ئیسلامیان كردبی و كەتبنەبەر هەرەشەو پەلاماری ئیسلامی یەكانەوە، ئەوان بیدەنگەیان لیكردەوە و بەشیوەیك لەشیوەكان سیاسەتی ئیسلامیەیە كانیان لەژیر پەردەی ئەوەی "ئیسلام ئاینی خەلكی كوردستان و موقەدەساتی نەتەوەیی كورد پیكدینی"بردۆتە پێشەوە..ئەمانەو دەیان فاكتی تری رۆژانە كە لەقسەكانی بەرزانی و تالەبانیدا رۆژانە لەبارەی ئیسلامەوە دەدری بەگوی كۆمەلگادا.

بەلام ئەم دیاردەیەو مەترسی یەكانی راستەوخۆ لەبەرامبەر كۆمەلگای مەدەنی و سكولاریستی كوردستاندایە ئەوە ژنان و لاوان و منالانن كەلەریزی پێشەوە ئاكامە زیانبارەكانی ئیسلامیزەبوونی كۆمەلگا دەیانگریتەوە و دەبنە قوربانی تاوانەكانی تەحەمولكردنی خورافەی ئاینی و كوشتنی ناموسی و بەزۆر حیجاب لەسەركردن و ئاپارتایدیكی بێپەردەی كۆمەلایەتی و پەرەگرتنی توندو تیژی لەدژیان. هەروەها ئەوە نوسەران و رۆشنبیران و خەلكی ئازادیخوازی كۆمەلگایە پریشكەكانی ئەم خەتەرە دەیانگریتەوە و لەگەل سەركوت و زیندانی و تیرۆرو كوشتن بەرەو روودەبنەوە..لەیەك وشەدا ئەگەر بلێم خەتەری ئیسلامیزە بوونی كۆمەلگای كوردستان رووی لە ژیرپینانی ماف و ئازادی یە فەردی و مەدەنی یەكان و را پیچدانی كۆمەلگای كوردستانە بۆژیر سایەی قانون و سوننەت و بەهایەكی كۆنەپەرستانە و جیگیربوونی لەدەستووری كوردستاندا و سەرەنجامیش پاشەوپاگەرانەوەی كۆمەلگایە بۆ نێو دەورەیەكی خویناوی و كۆنەپەرستی تر كە ئیسلام و تیرۆریزم وسەركوتگەری یەكەی تیا زاڵە..بەلام دەبی لەبەرامبەر ئەم خەتەر وئاكامەكانیدا چیبكریٚ؟

یەكەمین مەسەلە ئەوەیە كەدەبیٚ خەلكی كوردستان لەراستی یەكانی ئەم بارودۆخە و مەترسیەكانی بەئاگا بكرێنەوە، پاشان دەبیٚ دەسەلاتدارانی كوردستان لەسەر سیاسەتی دەستگرتنیان بۆ ئیسلامی سیاسی و رەوتەكانی بەرپرسیار بكرێن و ناچاربكرێن بەوەی كەدەست لەم لایەنگری یەیان بۆ ئیسلام و ئیسلامیزەكردنی كوردستان هەڵگرن. هاوكات دەبی رێگانەدری كوردستان بخرێتە ژێرسایەی دەسەلاتی ئیسلامی یەكانی عێراقەوە و لەپێشەوە دەبیٚ دەستورێكی سكولار و مەدەنی بكرێتە بناغەی پێناسەكردنی مافی هاولاتیان لەكوردستان و بەرۆشنترین و بالاترین شێوە ماف و ئازادی یە فەردی و مەدەنی یەكان بسەلمێنرێت و رێگانەدرێت بەناوی"موقەدەساتی نەتەوایەتی یەوە" ئیسلام بكرێتە سەرچاوەیەك بۆپیناسەكردنی ئەم مافانە. لەكەنار ئەم مەسەلانەوە دەبیٚ خەڵكی كوردستان هەر ئەمرۆ بەرووی هەرەشەو فتواو كەمپینە فاشیستی یەكانی ئیسلامی سیاسیدا بێنە مەیدانەوە و نابیٚ رێگابدرێت ملهوری و دەستدرێژی ئەم رەوتە كۆنەپەرستانە بەسەر ژیانی كۆمەڵگاوە درێژ بكرێت، دەبیٚ ئازادی نوسین و رخنە و رادەربرین و لەپێشیانەوە ئازادی بۆ مەریوان هەڵە بجەیی بكرێتە سەرتۆپی خەباتێك كەسەرەنجام ئیسلامیەكان ببرێنەوە سەرجێگای خۆیان و ئەم مافانە لەكۆمەلگادا بچەسپێندرێن.. بیگۆمان ئەمانەو دەیان مەسەلەو هەنگاوی تر دەبیٚ بكرێنە پلاتفۆرمی خەباتێكی جەماوەری كەلەریزی پێشەوەیدا سەدان و هەزاران كەس لە رۆشنبیران وخەڵكی ئازادیخواز و ژنان وكرێكاران قوتابیان و لاوان و رێكخراوەكانیان راوەستاوە. نابیٚ رێگا بدرێت كوردستان لەبەردەم خەتەری ئیسلامیزە بوون و پەرەگرتنی زیاتریدا ببرێتەوە بۆ سەردەمەكانی شەری بزوتنەوە و رووداوەكانی ئاوایی خێڵی حەمە و شە پۆلەكانی تیرۆرو ئینسان كوژی و كوشتنی ژنان.. دەست كۆتاكردنی ئیسلام و ئیسلامی

**یەکان لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان ئەمرۆ لەهەمو کات زیاتر پێویستی هەیە. کەوایە وەرن لەگەل ئیمەبن لەم خەباتەدا، تائەم مەترسی یەو ئاکامەکانی لەسەرژیانی ئەمرۆی خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان هەڵگرین...**

14-2-2006